


# پەردە لەسەر خولی تۆپی پێی نایابی کوردستان دادرایەوە
# بروسک بەشایستەیی جامەکەی بەرزکردەوە









هەفتەی رابردوو، بە چاودێریی بەڕێز مەلا بەختیار سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپیی کوردستان، لەسەر یاریگایی خۆی، یانەی بروسک بەرامبەر یانەی پێرس بە ئەنجامی (٠-٢) دۆڕاو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە کۆکردنەوەی (٦٧) خاڵ توانی نازناوی وەرزی ئەمساڵی (٢٠٠٧-٢٠٠٨) بەدەستبێنێت، یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بە کۆکردنەوەی (٦٣) خاڵ پلەی دووەمی بەدەستهێناو یانەی دهۆکیش بە (٥٩) خاڵ سێیەم بوو، هەر لە ڕێوڕەسمەکەدا خەڵات بەسەر سەرکەوتووان دابەشکراو سەتەلایتی کوردستانیش بەشێوەی راستەوخۆ یارییەکەی گواستەوە.

* یاریزانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی (هۆشمەند جەلال) بەتۆمارکردنی (٢٠) گۆڵ نازناوی گۆڵکاری خولەکەی پێدرا.

* یاریزانی یانەی دهۆک (جاسم محەمەد سلێمان) و یاریزانی یانەی پێشکەوتن (دڵدار ئیبراهیم) لەلایەن سەرپەرشتیارانی راگەیاندن بە باشترین یاریزان دەستنیشانکران کە هەر یەکەیان (٨) خاڵیان کۆکردەوە

* گۆڵچیی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی (ویسام محەمەد بازک)و گۆڵچیی یانەی بروسک (غەفور عوسمان) بەباشترین گۆڵچی دەستنیشانکران دوای ئەوەی هەردووکیان( ٢٠) خاڵیان لەلایەن سەرپەرشتیارانی راگەیاندن پێدرا.

* هەر لەم وەرزەدا هەرسێ یانەی (هەڵۆو ئاسۆو پێشکەوتن) بۆ پلە یەکی کوردستان دابەزین، لەبەرامبەر ئەوەشدا هەرسێ یانەی (سەورەو سێمێڵ و ئاڵا) بۆ پلەی نایابی کوردستان سەرکەوتن.

* جێی باسە یارییەکانی خولی ئەمساڵ بەسیستەمی چوون و هاتن بەڕێوە چوو، بەشێوەیەک هەر یانەیەک (١٥)یاریی لەیاریگای خۆی و(١٥)یاریی لەدەرەوەی ئەنجام دا.

**راپۆرت: محەمەد کوردە-عیماد قادر**

**وێنە: مەحمود هەولێری**



أسماء الألوان / تصميم وةرزشي / الصفحة: ٦٩ / ٣/٦/٠٨ / 2:36 AM




## مەحمود نورەدین بۆ کوردستانی نوێ

# ناوبژیوانانی کوردستان مەغدورن



گومان لەوەدا نییە کە ناوبژیوانان توێژێکی هەر بالاَو بەرچاون لەبەڕێوەبردنی چالاکییەکانی وەرزشیدا، بەتایبەتیش ناوبژیوانانی تۆپی پێ هەوێنی سەرکەوتن لەبەڕێوەبردنی یاریدا، بۆیە دەبێ بزانین ڕەوشیان چۆنە، ئەوەتا مەحمود نورەدین هەڵگری بڕوانامەی نێودەوڵەتییەو ساڵانێکی زۆرە خزمەت بەدنیای وەرزش دەکات، ئێستاش سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانانی شاری کەرکووکە، بۆیە بەڕێزیان لە بارەی ناوبژیوان بە شێوەیەکی گشتی گوتی: دیارە ئاستی ناوبژیوانانی کورد بەگشتی و شاری کەرکووک بەتایبەتی وردە وردە بەرەو پێشەوە دەچێت لەبەرامبەر ئەوەشدا ئەرکەکانیشان قورستر دەبێت.

دواتر بەڕێزیان زۆر بەراشکاوییەوە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ناوبژیوانانی کورد لە ئەرکەکانیان لە خولی عێراقدا مەغدورن و وەک پێویست ئاوڕیان لێنادرێتەوە، هەروەها ناوبژیوانانی هەولێرو کەرکووک و دهۆک و سلێمانی تەنها ناوبژیوانی خولی کوردستان دەکەن و لەبەر نا ئارامی باری ئەمنی شارەکانی بەغداو دەوروبەری ناتوانن ناوبژیوانی خولی عێراق بکەن، ئێمە ئێستا لەشاری کەرکووک نزیکەی (٢٠) ناوبژیوانمان هەیە ئەمانیش هەمان موعاناتیان هەیە، لەمبارەیەوەش یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هیچ درێغی نەکردووەو باوەشی بۆ هەموو ناوبژیوانان کردۆتەوە.

لە بارەی ئەوەی کە زۆرێک لە یانە وەرزشییەکان گلەیی لە ئاست نزمی ناوبژیوانان بەشێوەیەکی گشستی دەکەن گوتی: دیارە ئەوەیان بۆتە هاوکێشەیەکی نەگۆڕ کە هەریانەیەک سەرنەکەوێ و بدۆڕێ یەکسەر ناوبژیوان دەکاتە بیانوو، هەرگیز دان بەهەڵەی خۆیان نانێن و هەموو ئۆباڵەکە دەخەنە سەر ئەستۆی ناوبژیوان هەتا ئەگەر باشترین نابژیوانیش بکات. دواجار مەحمود نورەدین باس لەبەرەو پێشەوەچوونی ئاستی ناوبژایوانان دەکات و دەڵێ: سەرجەم ناوبژیوانان دەبێ خولی ئەکتیڤ کردنیان بۆ بکرێتەوە، دیارە یەکێتی تۆپی پێ هیچ درێغیان نەکردووەو هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە سەرجەم ناوبژیوانان بەبێ جیاوازی ئاستیان بەرەو پێشەوە بچێت.

**ئا: وێنە: جەنگیز گەرمیانی/ کەرکووک**

## بەرشلۆنە دوو بەدوو دەباتەوە!



**دیدار حەیدەر**

ئاشکرایە کە ئەمڕۆ وەرزش پتر لە هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان ئاوێتەی جموجوڵ و گۆڕانکارییەکانی تاکە تاکەی خەڵک بووەو بۆتە هیواو خولیای زۆری خەڵک لە هەموو تەمەنەکان هەموو ئەو چاودێری و سەرقاڵیەش بۆ بواری وەرزش و تێکەڵبوون و ئەنجامدانی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت، بگرە گەرموگوڕی دەڤەرێک بەرامبەر ناوچەیەکی دیکە جیاوازی هەیە. بەو واتایەی خۆشەویستی و ئەشق بۆ وەرزش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازی هەیە، لە وڵاتێکی وەکو بەڕازیل وەرزش وەکو نان و ئاوی لێهاتووە، مناڵ هەرکە دەست بە جوڵە دەکات و دەکەوێتە سەرپێ فێرە تۆپی پێ دەکرێ. لە هەموو کوچەو سەرشەقامەکانی بەڕازیل کۆمەڵێک گەنج خەریکی تۆپی پێن لە نێوخۆشمان لە کوردستانیش خۆشبەختانە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرە بە وەرزش دەدرێت و بەردەوام لە گەشەسەندن دایە، بە تایبەتیش دوای بنیاتنانی هەموو ئەو یاریگا بچوککراوانەی کە ژمارەیەکی زۆریان لە نێو گەڕەکەکانی شارو دەڤەرو ناوچە دوورە پەرێزەکانیش دروست کران.

وەلێ هەموو ئەو هەوڵ و گۆڕانکارییانە، دەبێتە هۆی گەشەسەندنی تەنیا ڕەگەزێک کە (نێرە) لەو بوارە، ئەوەتا ئافرەتان زۆر بەکەمی توانیویانە سوود لەو پشتگیری هاندانە وەربگرن کە بۆ وەرزش دەکرێت لە کوردستان بۆیە زۆر کەم ئاشناو ئاگادارن لە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوەخۆو لەسەر ئاستی جیهان ڕوودەدەن، چونکە هەموو هۆکارەکەی ئەوەیە تا ئەمڕۆ لە بایەخی ڕاستەقینەی وەرزش و پێداویستی بوونی ئەو بوارە لە نێو کۆمەڵگاو تەواوی چین و ڕەگەزەکان ئاشکراو ڕوون نەبۆتەوە بە بەڵگەی ئەوەی بەر لە دەسپێکردنی یاری بەرشلۆنەو ریال مەدرید لە خولی ئیسپانیاو لە یاری دێربی و کلاسیکۆی ئەو خولە سەیری کەناڵێکی ناوەخۆیم دەکرد کە ڕاوبۆچوونی هەوادارانی وەرزشی وەردەگرت لەسەر ئەنجامی یارییەکە خۆشحاڵ بووم کە ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەت دەیانتوانی نزیک لە ئەنجامی ڕاستەقینەی یارییەکە ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕن، بەڵام لە هەموو ئەنجام و بۆچوونەکان سەیرتر ڕای ئەو ئافرەتەبوو کە زۆر بە قەناعەتەوە گوتی: بەرشلۆنە دوو بە دوو دەباتەوە!

dedar_nanakale@yahoo.com



أسماء الألوان / تصميم وةرزشي / الصفحة: ٧٠ / ٣/٦/٠٨ / 2:36 AM







# هێنری بە نیازە واز لە یاریکردن بهێنێت

ئەستێرەی هەڵبژاردەی فەڕەنسا تێری هێنری تەمەن ٣١ ساڵ رایگەیاند، لە بیرکردنەوەی ئەوەدایە کە بڕیاری وازهێنانی یەکجارەکی دوای تەواوبوونی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا (یورۆی ٢٠٠٨) کە هەردوو وڵاتی سویسراو نەمسا میوانداریی دەکەن.

هێرشبەری یانەی بەرشلۆنە دوێنێ هەینی لە لێدوانێکی بۆ رۆژنامەی (لیکیب) گوتی: تەمەنی یاریزانی هێرشبەر رێگە نادات لەو ئەرکەدا بەردەوام بێت و یاریزانی زیرەکیش پێویستە زوو بڕیاری وازهێنان بدات، لە درێژەی قسەکانیدا هێنری گوتی: فەڕەنسا هەڵدەبژێرم بۆ وەدەستهێنانی نازناوەکە، بەڵام دەبێ لە یاری یەکەمدا لە بەرامبەر رۆمانیا زۆر وریا بین، جێی باسە تیری هێنری لە ٩٩ یاری لەگەڵ فەڕەنسا ٤٤ گۆڵی تۆمارکردووە و لە ریزی پێشەوەی گۆڵکارانی ئەو هەڵبژاردەیە دێت لە مێژوودا.

ئا: کاوە فاروق

# رۆناڵدینهۆ ساحیری بەڕازیلی چیرۆکێکی بێ کۆتایی

ناوی رۆناڵدۆ دی ئەسیس مۆرێرا لەوانەیە لەلای زۆربەی خەڵک نامۆبێت، بەڵام کە گوێبیستی نازناوەکەی کە (رۆناڵدینهۆ)یە ئەوە بێگومان لەسەرانسەری جیهان ئەم یاریزانە بەئاستی بەرزی و جموجۆڵە سیحراوییەکانی دەناسن.

رۆنالدینهۆ یاریزانی بەناوبانگی بەڕازیل و یانەی (بەرشلۆنەی) ئیسپانی لەساڵی ١٩٨٠ لە نەخۆشخانەی (ساولۆکاس) لە بەڕازیل لە دایکبووە، هەروەکو یاریزانەکانی دیکەی بەڕازیل سەرەتا لە یانەکانی بەڕازیل یاریکردووە، پاش سێ ساڵ یاریکردن لەگەڵ تیپی پۆرتۆ ئەلیگری بەڕازیلی چووە ریزی یانەی پاری سان جیرمانی فەڕەنسی کە دوو وەرزی لەگەڵ ئەم یانەیە بەسەر برد، پاشان بەبۆندێک کە خۆی لە ٣٠ ملیۆن یۆرۆ دەدا چووە ریزی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی.

رۆنی لەگەڵ بەرشلۆنە گەیشتە ترۆپکی یاریکردن و نەک تەنها جەماوەری بەرشلۆنە، بەڵکو هەموو جیهانی سەرسام کرد، لەگەڵ یانەی بەرشە نازناوی لیگای هەردوو وەرزی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ و نازناوی پاڵەوانێتی ئەورووپای ساڵی ٢٠٠٦ بەدەستهێنا. زۆربەی راپۆرتە وەرزشییەکانی وەرزی ٢٠٠٧ - ٢٠٠٨ سەبارەت بەو یاریزانە بە (وەرزی رەش) ناو دەبن لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا ئاستی ئەم یاریزانە بەو شێوەیە دانەبەزیوە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لەوانە زیادبوونی کێشی و ناکۆکیی بەردەوامی لەگەڵ راهێنەری یانەکە کە بەبەردەوامی وەکو یاریزانێکی یەدەگ مامەڵەی لەگەڵ دەکات، هەروەها ئەو پێکانانەی کە رووبەڕووی ئەم یاریزانە بۆوە. رۆیشتنی رۆنی لەبەرشلۆنە کارێکی چاوەڕوانکراوەو تەنها مەسەلەی کاتە نەزیاد نەکەم. لێرەدا دەمەوێ بڵێم هەق وایە یاریزان لە ترۆپکی ئاست بەرزیدا واز لەیاریکردن بهێنێت بۆ ئەوەی بەردەوام ناوی درەوشاوە بێت.

ئا: یاسین تەها






أسماء الألوان / تصميم وةرزشي / الصفحة: ٧١ / ٣/٦/٠٨ / 2:36 AM